دکتۆر
کەمال سەعدی

ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە

دەزگای O.P.L.C بۆ چاپ و بلاوکردنەوە
پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان
ژمارە (٩)

هەولێر ٢٠٠٤

دەزگای O.P.L.C بۆ چاپ و بڵاوکرنەوە
پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان
ژمارە (٩)

ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە

دکتۆر کەمال سەعدی

هەولێر - ٢٠٠٤

دەزگای O.P.L.C بۆ چاپ و بلاْوكرنەوە
پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەكان
ژمارە (٩)

ناوی كتێب : ئازادیی رۆژنامەگەری‌و ئەخلاقی پیشە
دانانی : دكتۆر كەمال سەعدی مستەفا
چاپی یەكەم : ٢٠٠٤
پیتچنین‌و كاری كۆمپیوتەری : دانەر خۆی
تیراژ : ٥٠٠ دانە
چاپ : چاپخانەی منارە / هەولێر

پێشەکی :

هەموو پیشە (مهنة) یەك بەپێی هەندێك پێوەری ئەخلاقی ڕێك دەخسترێ و ئەم ڕێکخستنەش بەشێك نییە لە ڕێکخستنی یاسایی بەلاّم سەرەڕای ئەمەش سیفەتی سەپاوە (الزام) ی هەیە بۆ ئەوکەسانەی لەم پیشەیەدا کاردەکەن و ڕووبەڕووی سزایەکی سەندیکایی دەبنەوە کە سەندیکایەکانیان ئاراستەیان دەکات . قورسی‌و سوکی ئەو سزایانەش بەپێی گەورەیی‌و بچووکی ئەو سەرپێچیانە دەگۆڕێ کە ئەندامی ئەو سەندیکایە لە کاتی ئەنجامدانی کارە ڕۆژنامەوانییەکانی دەیانکات .

پیشەی ڕۆژنامەگەری وەکو هەر پیشەیەکی‌تر ، بەستراوە بە کۆمەڵێك بنچینەی ڕەوشت کە ڕۆژنامەنووسان و خاوەن ڕۆژنامەکان خۆیان لە ڕێگای سەندیکاکانیانەوە بۆخۆیانیان داناوەو دەبێ پابەندی بن. جا هەروەکو لەسەرەوە وتمان ، ئەم ڕێکخستنە پیشەیيە هەرچەندە بەشێك نییە لە ڕێکخستنی یاسایی ، بەلاّم دەتوانین بڵێین تەواوکەری ئەوەو تەنانەت لە وڵاتە دیموکراسیخوازەکاندا ڕێکخستنێکی سەرەکییە .

لە سیستمی دیموکراسیدا ئەوپەڕی ئازادی‌و سەربەخۆیی دەدرێ بە ڕۆژنامەگەری چونکە ڕۆژنامەو کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن زمانحاڵی گەلن و لە ڕێگای ئەو کەناڵانەوە گەل گوزارشت لە بیروڕای خۆی دەکات . بۆیە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەرکی ڕێکخستنی ئەو پیشەیە بۆ ئەندامان و کارمەندانی ئەو پیشەیە تەرك دەکرێ تەنها چەند لایەنێکی کەمی نەبێت کە لەڕێگتی یاساوە ڕێك دەخسترێ بەلاّم فراوانترین گرێنتی یاسایی بۆ دەستەبەر دەکرێ تاوەکو لە دەست تێوەردان و دەست درێژی حکومەت بپارێزرێت .

ئەمەو لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو گرێنتیانە گەیشتۆتە ئەو پەڕەکەی و تەنانەت دەستوری ئەمەریکی ساڵی ١٧٩٨ لە یەکەمین هەمواری ساڵی ١٧٩١ دا ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە دەست تێوەردان و دەست درێژی کۆنگرێس زامن کردووەو تیایدا هاتووە:((**کۆنگرێس بۆی نییە هیچ یاسایەك دەربکات ئازادیی ڕۆژنامەگەری سنوردار**)) .

جا لەبەرئەوەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی سەرەکی ملکەچی بەلگەنامەی شەرەفی پیشەو ئەو بنچینە ڕەوشتیانەیە کە ئەنجومەنی بالای ڕۆژنامەگەری و خودی دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری دەریان دەکەن ، بۆیە لەخوارەوەو لەبەر ڕۆشنایی دەستوری ئەمەریکی‌و یاسای چاپەمەنیی لوبنانیدا لە سێ خاڵدا لەم بابەتە ئەتۆژینەوە.

خاڵی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ دیراسەکردنی دەستوری ئەمەریکی‌و ئازادیی ڕۆژنامەگەری . لە خاڵی دووەمدا باسی ئەنجومەنی بالای ڕۆژنامەگەری دەکەین و ئەنجومەنی بالای ڕۆژنامەگەری لوبنانی بە نموونە دەهێنینەوە . خاڵی سێهەمیش تەرخان دەکەین بۆ تۆمارکردنی بەلگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی کورستانی و نێودەولەتی . دواتر بە تۆمارکردنی ئەنجامەکان کۆتایی بە تۆژینەوەکە دەهێنین .

١ دەستوری ئەمەریکی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری

بەرلەوەی باسی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە دەستوری ئەمەریکی بکەین چەند پرسیارێك لە خۆمان دەکەین و دەپرسین

ئایا ئازادیی ڕەها هەیە تاكو ئازادیی ڕۆژنامەگەری هەبێت ؟ ئەگەر هەیە ، دەبێ ئەم ئازادییە لەكوێ بێت و ڕوخسارەكانی چیبن ؟

ئەی ڕاستە لە ئەمەریكا ڕۆژنامە ئازادەو دەستور كەفالەتی دەكات و كۆنگرێسیش بۆی نییە یاسایەك دەربكات بۆ دیاركردنی سنوری ئەم ئازادییە ؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە ڕۆژنامەگەری لەو ولاتە دەسەلاتە ؟ ئەبێ شوێنی ئەو دەسەلاتە لەنێو سێ دەسەلاتە گشتییە تەقلیدییەكان یاسادانان ، جێبەجێكردن ، دادگەری لە كوێ بێت ؟ ئەگەر وایە ، كێن ئەوانەی ئەم دەسەلاتە بەڕێوەدەبەن و چۆن ڕێكخستراوەو ملكەچی چ بنەماو ڕێسایەكە ؟

ئازادیی ڕۆژنامەگەری یەكێكە لە ئازادییە گشتییەكان و لقێكە لە لقەكانی مافی مرۆڤ كە ئەو مافانەش لە ئەسلدا مافی سروشتین و لەگەلْ سروشتی مرۆڤایەتی مرۆڤ دەگونجێن و بەرلەوەی مرۆڤ بێتە ناو دەولەت ئەم مافانەی هەن و هەر لەگەلْ لە دایك بوونییەوە دەیبێ و تەنانەت هەندێك لەو مافانە هەرلەو كاتەی كۆرپەلەیەو لە ناو سكی دایكی دایە سروشت پێی دەبەخشێت وەك مافی ژیان. بەلام دوابەدوای هاتنە ڕیزەوەی كۆمەلْ ، مرۆڤ بۆ ڕێكخستنی ماف و ئازادییەكانی بەمەبەستی پاراستنیان لە لە دەستدرێژی كەسانیتر پێویستی بە ڕێككەوتنێكی كۆمەلایەتی هەیە ، چونكە پرۆسەكردنی ئەم ماف و ئازادییانە بەبێ ڕێكخستن دەبێتە هۆی ڕوو بەڕوو بوونەوەو بەگژیەكداچوونیان ، چونكە بەرژەوەندیی هەریەكێك لەو ئەندامانەی كۆمەلْ ، خۆی لەخۆیدا ناكۆكە لەگەلْ بەرژەوەندی ئەویتر. ڕاستیان وتووە ئازادیی هەركەسێك لەو شوێنەوە دەست پێدەكات كە ئازادییبەرامبەرەكەی لێ كۆتایی دێت . بەم شێوەیە بیرۆكەی دیالۆك و لێكحالیبوون و ئادابی قسەكردن دروست بووەو بەپێی ئەم ئادابە ئەگەر دوو كەس كەوتنە بەرامبەر یەك ، دەبێ

یەکێکیان گوێگر بێ تا ئەوی بەرامبەری قسەی خۆی تەواو دەکات ، ئەوجا ئەو قسە بکات و ئەویتر گوێگر بێت و بەم شێوەیە بیروڕاگۆڕینەوە دروست دەبێت.

کەواتە هەروەکو وتمان ، مرۆڤ بەئارەزوی خۆی دەستی لە هەندێك ماف و ئازادییەکانی خۆی هەڵگرتووە بەمەبەستی زامنکردنی بەشەکەی تری . ئەگەر وەهای نەکردبا دەبووە پاشاگەردانیو کەسیش خاوەن ماف نەدەبوو.

هەروەکو لەپێشەوە وتمان بەرژەوەندی هەرتاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ بەرژەوەندی ئەویتر ناکۆکە چونکە هەرکەسێك لەوانە بە سروشت کۆمەڵێك غەریزەی هەیە وەك غەریزەی خۆ خۆشەویستی و چاولێکەری و شەڕانگێزی و چەندانیتر ، ڕادەو دەسەلاتی ئەم غەریزانەش بەسەر کەسایەتیی مرۆڤەوە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکیتر بە سروشت لێك جیاوازە و ئەم جیاوازییەی نیوان سروشتی کەسان وا لە مرۆڤ دەکات لە حاڵەتی سروشتیو دوور لە حوکمی یاسا و ئەقڵ ملکەچی ئەم غەریزانەی خۆی بێت و هەردەم بەرژەوەندی خۆی بخاتە پێش بەرژەوەندی کەسانیتر لە کاتی ناکۆك بوونی بەرژەوەندییەکەی لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەواندا.

کەواتە ، بۆئەوەی کۆمەڵگایەکی ئاسوودەو سەقامگیر لە ئارادا بێت کە هیواو ئاواتی مرۆڤە و دەسبەرداری نابێت ، دەبێ ئەم ماف و ئازادییانە ڕێکبخرێن.

هەڵبەتە ئەم ڕێکخستنەش لە ڕێگای سنوردارکردنی ئەو ماف و ئازادییانەوە دەبێت ، وێڕای دانانی کۆمەڵێك ئەرك کە دەبێ هەرمرۆڤێك بۆ پرۆسەکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی لە ئەستۆی خۆی بگرێت . کەواتە هیچ ماف و ئازادییەك بەبێ ئەرك نییە.

پانتایی ئەم ماف و ئازادی و ئەرکانە لەهەموو کۆمەڵگایەك وەکو یەك نین ، لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکیتر دەگۆڕێن بەپێی گۆڕانی فەلسەفەی سیاسیو ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە . کە دەڵێین (کۆمەڵگا) مەبەستمان کۆمەڵگای سیاسییە واتە وڵات.

لە وڵاتە سەرکوتکەرەکان ، بەچاوی کۆیلە تەماشای مرۆڤ دەکەن و بەکاریدەهێنن بۆ خزمەتی حوکمڕانان و هیچ سەنگێك بۆ ماف و ئازادییەکانی دانانێن ، بۆیە ئەوەندەیکە دانیشی پیانراوە شتێکی شەکلییەو بۆ خزمەتی خۆیان دانیان پێدا ناوە نەك خاوەنەکانیان .

بەلام لە وڵاتە دیموکراسیخوازەکاندا ، ئەم تیڕوانینە جیایەو بەچاوی ڕێزەوە سەیری مرۆڤ دەکەن و بە بنچینەی کۆمەڵی دادەنێن ، بۆیە گشت هەوڵ و تەقەلایەك بۆ ئاسوودەییو بەختەوەری ئەو دەخرێتەگەڕ. ئەمەش وادەخوازێ کە دان بە ماف و ئازادییەکانی لە فراوانترین بواردا بنرێت.

ئەمەی سەرەوە نموونەی دوو کۆمەڵگای سیاسیی لەیەك جیاوازن، لەیەکەمیان ماف و ئازادییەگشتییەکان بە ئازادیی ڕۆژنامەگەریشەوە بوونیان نییە ، و لەهی دووەمیشدا بواری ئەو ماف و ئازادییانە هێندە فراوانەو گەیشتۆتە ڕادەی موبالەغەکردن کە مەحاڵە لەم سەردەمە پڕ گرفت و کێشەو ئالۆزییەدا وەدی بهێندرێت

بۆیە دەبینین ، ئەمڕۆکە هیچ مافێك ڕەها نییە تاکو ئازادیی ڕۆژنامەگەری ڕەها بێت . بە لکو لە ڕووانگەی ئەخلاقی پیشەو داب و نەریت و بەرژەوەندییەبالاکانی هەر کۆمەڵێك سنوور بۆ ئەم ئازادییە دانراوەو دەبێ ڕۆژنامەنووس پابەندیان بێت .

کەواتە ، دەتوانین بلێین ڕوخسارەکانی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لەم سەردەمەدا بریتییە لە ملکەچ بوون بۆ بنەماکانی مونافەسەو

ڕەچـــاوکردنی داب و نـــەریت و بەرژەوەندییـــەباڵاکانی کۆمـــەڵ و ئەخلاقی پیشەی ڕۆژنامەگەری .

بەم پێیـە ، ئەمـەریکا لــە پێشـەوەی ئـەو وڵاتانـە دێـت ، کـەتیایاندا ڕۆژنامـــە ئـازادەو ئـازادیی ڕۆژنامەگـەری لەسـەر ئـەو بنەمایەی سەرەوەو دوور لە دەسەڵات و دەست تێوەردانی حکومەت بەڕێوەئـەچێ. هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتـــەوە بـۆ دەسپێشـخەری نووسـەران و هزرمـەندانی ئـەو وڵاتـە بـۆ بەرهەڵستیکردنی تـەوژمی سـەرکوتکەری‌و چەوسـانەوە . بـەڵام لەبـەر ئیسـتغلالکردنی ئـەم ئازادییـە لەلایـەن ڕۆژنامەگەرییـەوەو دەسـتدرێژیکردنیان بـۆ سـەر مافیخـەڵك لـە سـەرەتای سـەدەی بیستەمدا بـە هـەوڵ و تەقــەلای لیژنـەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لـە ئەمـەریکا تیۆریــی بەرپرسـێتیی کۆمەڵایەتی کە باشترین تیۆریی ڕۆژنامەگەرییە سەریهەڵدا.

بەپێی ئەم تیۆرییە هیچ ئازادییەك ڕەها نییـە بـەڵك و ئـەرك و بەرپرسێتیی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ دایەو دەبێ ئـەو کەسـەی پرۆسـەی دەکات لەخۆیەوە هەستی پێبکـات و بەرپرسـێتیی ڕۆژنامەنووسیش لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا بەرپرسێتییەکی گریمانەکراوە.

کەواتە بەپێی ئەم تیۆرییە ، ڕۆژنامەگەری مافی ئەوەی هەیـە ڕەخنە لە حکومەت و دامودەزگاکان بگرێـت ، بـەڵام لەهـەمان کـاتدا چەندین بەرپرسـیارێتی بنچینــەیی دیاریکراویشــی لەئەسـتۆیە بـۆ ئاسوودەیی‌و سەقامگیریی کۆمەڵ دەبێ ڕەچاویان بکـات.

جا لـە ئاکامی ئـەم تیۆرییـەدا کـە ڕەواجێکی باشـی لــەلای حکومەتە سەرمایەدارەکانەوە هـەبوو ، لـە ئینگلستان و ئەمـەریکاو هـەندێ وڵاتیتـر، بــۆ دانــان و دیــارکردنی ئــەخلاقی پیشــەی ڕۆژنامەگـەری و سەرپەرشتیکردنی ئەنجومـەنی بـاڵای ڕۆژنامەگـەری دامـەزرا. هـەروەها میسرو لوبنـان و سودانیش هەرچـەندە وڵاتـی

سەرمایەداری نینە و دیموکراسییەت و مافی مرۆڤیش تیایاندا وەکو پێویست بەرقەرارنەبووە بەلاَم سەرەڕای ئەمە ئەنجومەنێکی بالاَی ڕۆژنامەگەری وەك ئەو ولاَتانەو نیمچە سەربەخۆ بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی پیشەی ڕۆژنامەگەری دامەزراوە تیایاندا.

هەروەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ، ئەمڕۆکە باشترین تیۆر لە تیۆرییەکانی ڕۆژنامەگەری (**تیۆریی بەرپرسیاریێتیی کۆمەلاَیەتی**) یە و ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە ولاَتە دیموکراسیخوازەکاندا لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرییە ڕێکخستراوە . هیچ گومانیشی تیا نییە ، هەروەکو چۆن ئەم تیۆرییە بەهەولَ و تەقەلاَی لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و لە ئاکامی نووسینەکانی ولیەم کنج و جۆن ملتۆن لە ولاَتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەریهەلَدا ئەوهاش ئەو ولاَتە دەست پێشخەربووە لە شۆڕش دژی داگیرکەری ئینگلیزو پێش فەرەنساش پەیامی مافەکانی مرۆڤی دەرکردووەو لەم سەدەیەشدا پێشڕەویێتیی کۆمەلَگای نێودەولَەتی لەم ڕووەوە دەکات و داڕێژەری سیستمی جیهانی نوییە ، ئەو سیستمەی کەلەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و دیموکراسییەت دامەزراوە ، هەربۆیە شتێکی غەریب نیە کە دەستوری ئەمەریکی دان بەم ئازادییە بنێت و کەفالەتیشی بکات . هەرچەندە ، ئێمە پێمان وایە ، ئەمەریکا ئەوەندەی بە پەرۆشەوەیە بۆ دابینکردنی زۆرترین بڕی ئەو ئازادییانە بۆ هاوولاَتیانی خۆی هێندە باوەڕی بە ئازادیی گەلانیتر نیە . فشار خستنەسەر ئەمیری قەتەرو کەنالَی ئاسمانی جەزیرە بۆ دوورخستنەوەی فەیسەلَ قاسم لە پرۆگرامەکانی لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو هەروەها قەدەغەکردنی پەخشکردنی وتارەکانی ئوسامە بن لادن ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنن .

ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە یەکەمین هەمواری دەستورەکەیدا لە ساڵی ١٧٩١ لە ژێر ناوونیشانی بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ لە مادده (١) دا دانی بە ئازادیی ڕۆژنامەگەریدا ناوەو تیایدا هاتووە : ((**کۆنگرێس بۆی‌نیە هیچ یاسایەك دەربکات .. سنور بۆ ئازادیی وشە دابنێ ، یان ئازادیی ڕۆژنامەگەری ، یان مافی خەڵك بۆ کۆبوونەوە لە کەش و هەوای ئاشتیدا ، هەروەها لە بەرزکردنەوەی سکاڵا بۆ حکومەت بۆ لابردنی ئەشکەنجە**)).

ئەگەر بێت و سەرنجی ئەم دەقە دەستورییە بدەین ، یەکەمجار وادێتەبەرچاو کە لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئازادییەکی ڕەهای وشەو ڕۆژنامەگەری هەبێت و بەپێچەوانەی ئەویش لە هەندێ ولاتی‌تردا ئەم ئازادییە نەبێت . کەچی بە تێڕامان و قوڵ بوونەوە لە هۆی ئەم حوکمەو مەبەستی یاسادانەری ئەمەریکی ، ئەوکاتە بۆمان بەدەردەکەوێ کە مەسەلەکە وائاسان نییە تا بە ئا یان نا یان ئازادی هەیە یان نییە وەڵامی بدەینەوە . بەڵکو لە هەموو ولاتێکدا سەرەڕای دانپیانان بەم ئازادییە، سنورێك لەبەردەم پرۆسەکردنیدا دادەندرێ و مەرج نییە تەنانەت ئەو برە مافەی کە دانیشی پیانراوە لە هەموو کات و ساتێکدا کاری پێبکرێت . بەڵام جیاوازی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ولاتانی‌تر لەڕووەوە لەوەدایە ، کە بەپێی حوکمەکانی دەستوری ئەمەریکی ، حکومەت بۆی‌نیە بە ئارەزووی خۆی کۆت و بەند بەسەر ئەم ئازادییەدا بسەپێنێ ، بەڵکو سنوری دەسەلاتی لەم بارەیەوە دیارەو لە تەسکترین چوارچێوەدا بۆی هەیە ئەمە ئەنجام بدات.

کەواتە دەستەواژەی ((**کۆنگرێس بۆی‌نییە هیچ یاسایەك دەرکات .. سنور بۆ ئازادیی وشەو ڕۆژنامەگەری دابنێ ..**)) ئەوە

دەگەیەنێ کـە حکومـەت بۆینیـە هیـچ کۆت و بـەندێکی پێشـین لـە بەردەم ئازادیی وشە دابنێ .

بـەم پێیـە مـرۆڤ ئـازادە چیبڵـێ و چیبنووسـێ و چیبڵاوبکاتەوە بەبێئـەوەی بگەڕێتـەوە بـۆ حکومـەت و ڕەزامـەندی ئـەو وەربگـرێ لەسـەر ئـەوەی کـە دەیڵـێ یـان دەینووسـێ یـان بڵاویدەکاتەوە . بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم ئازادییەی ئەوە ناگەیـەنێ کـە دوورە لـە لێپرسینەوە . بـەڵکو هـەمووکاتێك دەبێ ئـەوەی لـە خەیاڵ بێت کە بەرپرسـە لەسـەر هـەموو قسـەیەك کـە دەیکات یان دەینووسێ یان بڵاویدەکاتەوەو ئەم بەرپرسێتیەشی گریمانـەکراوەو دەبێ خۆی هەستی پێبکات .

ئەمـەو هـەروەکو لـە پێشـەوە ئاماژەمـان پـێکرد ، ئـەم ئازادییەی ڕەهانییەو حکومەت بۆیهەیە لەهەندێ کاتدا بەمەبەستی هێمنیو سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵ لە تەسکترین بواردا کۆتبەند لەسەر ئـەم ئازادییـە دابنـێ . بۆنموونـە لـەکاتی ڕووبەڕووبوونـەوەی وڵات بـۆ هـێرش و پـەلاماری دوژمن ڕێگـە بەکـەس نـادرێ بـەهیچ شـێوازێك خـەڵك هـانبدەن بـۆ یاخیبوون لـە خزمـەتی سـەربازی و بەرگریکردن لە وڵات ، یـان خستنەگەڕی ڕۆژنامەگـەری بـۆ ڕوخـانی ورەی جەماوەرو پێشکەشکردنی خزمەتی سیخوڕی بۆ دوژمن . بەڵام قـەتیش ڕێگـەی قسـەکردن و نووسین و بڵاوکردنـەوەی لێناگـیرێ ، بـەڵام ئەگـەر ئـەم سنورەی بـەزاند ، خـۆی تەحـەمولی ئاکامـەکانی دەکات و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو سزایەکی دوایین (لاحق) دەبێـت لـە ئاکـامی ئەوقسـەی کـە کردویـەتی یـان نووسـیویەتی یـان بڵاویکردۆتەوە.

لە هەقیقەتدا ، ئەم حوکمەی دەستوری ئەمەریکی ڕێك کۆکـە لەگـەڵ حوکمی شـەریعەتی ئیسـلامدا ، هـەروەکو خـوای گـەورە

لەمڕووەوە دەفەرموێ : ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾ سورەتی الانسان، ئایەتی : ٣

بەهەرحاڵ ، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان حاڵەتی دانانی کۆت و بەندو سانسۆری پێشینە (رقابة سابقة) لەسەر ئازادیی وشەو ئازادیی ڕۆژنامەگەری و حاڵەتی لێپرسینەوەی دواییینە (لاحق) . چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا ، حکومەت کۆت و بەندو سانسۆر لەسەر ئەم ئازادییە دادەنێت و ڕێگا بە خاوەنەکەی نادات ئەو قسەیە بکات کە بە دڵی حکەمەت نییەو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا ناگونجێ . وە لەم حاڵەتەدا نهێنیی ئەم مەسەلەیە شاراوە دەبێت لە نێوان فەرمانبەرێکی حکومەت و خاوەن ڕایەك بێئەوەی جەماوەرو ڕایگشتی ئاگادار بن و بتوانن قسەو باسی لێوەبکەن کە ئایا ئەوکەسە بەهەقیقەت سنوری ئازادیی بەزاندووە یان نا؟

بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا ، خاوەن ڕایەکە بەئاشکرا گوزارشت لە بیروڕایخۆی دەکات بێئەوەی پێویستی بە ڕەزامەندی حکومەت بێت ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا نابێ ئەوەی لەیاد بچێ کەئەم ئازادییەی لکاوە بە لێپرسینەوەیەکی کۆمەڵایەتیو هەردەم ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە ئەگەر سنوری ئەم ئازادییە ببەزێنێو لەو هێڵە سوورانە بدات کە کۆمەڵ بۆیدانـاون وەیان ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەری وەك بەشێك لە ئەخلاقی پیشەی ڕۆژنامەگەری دوور لە دەسەڵاتی حکومەت بۆی داناون.

بێگومان جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان هەردوو حاڵەتدا. لەحاڵەتی یەکەم ، ئەگەری خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن حکومەتەوە دژی ئازادیی ڕۆژنامەگەری دەکرێو لەوانەیە حکومەت دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکاربهێنێو دژی هەموو بیروبۆچونێك

بوەستێ کە دژی ڕەوتـی ئـەو بێت ، بەمـەش ڕۆژنامەگـەری نـەیار (معارض) و بیروڕای جیاواز لـەناو کۆمـەڵ دروست نـابێت ، ئەمـەش خۆیلەخۆیدا ئەوەئەگەیەنێ کـە بەشـێکی زۆری هێزوتوانـای هزریـی ئەندامەکانی کۆمەڵ هەر بە شاراوەیی‌و بێ ئیستسـمار دەمێنێتـەوەو سوود لە گشت هەوڵ و تواناکانی مرۆڤ وەرناگیرێ‌و پێشکەتنیش تا ڕادەیـەکی زۆر دەوەستێ . بـەلآم لـە حاڵـەتی دووەمـدا هەرچـەندە حکومەت دەسەلآتی دانانی کۆت و بەندو سانسۆری پێشـینی لەسـەر ئازادیی وشەو ئازادیی ڕۆژنامەگەری نیە بـەلآم سـەرەڕای ئەمـە دوای بلاوکردنەوەی مافی لێپرسـینەوەو سزادانی ئەوکەسـانەی هەیـە کـە سنوری ئەم ئازادییە دەبەزێنن . وەلەم حاڵەتەشدا حکومەت ناتوانێ دەسەلآتی خۆی بەخراپی بەکاربهێنێت ، چونکە چاوی‌گەل کراوەیەو چاودێرە بەسەریەوە .

شایەنی ئامارەبۆکردنە ، دەسـتەواژەی ((**کۆنگرێس بۆی‌نیـە هیچ یاسایەك دەرکات سـنور بـۆ ئـازادیی وشـە ، یـان ئـازادیی ڕۆژنامەگەری دابنێ**)) ، ئازادیی ڕۆژنامەگەری ئەخاتـە نێـو قوولآیـی دەستوری ولآتەیـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا ، ئـەم بەلگەنامەیـەش پەیکەری حوکمڕانێتی پێك دێنێت هـەروەها بنچینەیـە بـۆ یاسـاکانی ولآتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا .

دەسـتوری ئەمـەریکی لـەدانانی چوارچێـوەی حکومـەتی ئەمـەریکیدا هاوسـەنگییەکی لـە نێـوان دەسـەلآتی یاسـادانان ، و دەسەلآتی جێبەجێکردن ، و دەسەلآتی دادگەری ڕاگرتووە .

دەسـەلآتێکی جیـاوازو سـەربەخۆی داوە بـە هەریـەکێك لـەم دەستەگشتییانە . مەبەستیش لە دابەشکردنی دەسەلآت لـە نێوان ئەم دەسـتە گشتییانەدا بـە شـێوەیەکی جیـاوازو سـەربەخۆ دانـانی سیسـتمێکە ، دابەشـکردنی دەسـەلآت لـەنێوان دەسـتەکانی

حوکمڕانێتی ، تیایدا بەشداری دەکات لە هێمنی و ئاسوودەیی‌و سەقامگیریی.

وە بەپێی یەکەمین هەمواری دەستوری ئەمەریکیی ساڵی ١٧٩١ کەتایبەتە بە بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ ، هەر لەو ڕۆژەوە ڕۆژنامەگەری بووە هێز و خاوەن ڕایخۆی . ئەمڕۆکەش ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆرجاران بە دەسەلاتی چوارەم ناوی ئەبردرێت و هەربەم ناوەش دەناسرێت ، ئەم ناوەش ئەوە دەگەیەنێ ، کە ڕۆژنامەگەری لەو ولاتەدا شان بەشانی سێ‌دەسەلاتەکەی‌تر بەشداری دەکات لە حوکمڕانێتی ولات .

کێشە ئابڕووبەرەکەی ((وەتەرگێت)) باشترین نموونەی هێزی ڕۆژنامەگەرییە وەك دەسەلاتێکی چوارەم لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەم کێشەیە ، دوو ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی لە ڕۆژنامەی ((واشنتۆن پۆست)) وروژاندیان و ئاشکرایان کرد ، بووەهۆی دەست لەکارکێشانەوی سەرۆکی پێشوی ئەمەریکی نیکسۆن ، و دەرچونی لە کۆشکی سپی بەرلەوەی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی تەواوبێت .

ئەگەر بێت و سەرنجی ئەو برگە جیاجیایانەی یاسای ئەمەریکی سەبارەت بە دانانی کۆت و بەند لەبەردەم ئازادیی ڕۆژنامەگەری بدەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ پانتایی ئەو ململانێ زۆرو درێژخایەنەی کە ڕۆژنامەگەری لەگەڵ حکومەت دەیکات بۆئەوەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە بێت ، دەبینین دادگا وەك دەسەلاتێکی سەربەخۆ ، هەروەکو لە مادده سێی دەستوری ئەمەریکیدا هاتووە ، هەمیشە پاڵپشتێك بووە بۆ دەسەلاتی ڕۆژنامەگەری‌و باشترین زەمانیش بووە بۆ ئەم ئازادییە .

ئەوكێشە گرینگانەی کە بەرزبوونەتەوە بۆ بەردەم دادگا ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ پتەوکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری ، کە تایبەت بوون بە بە دواداچوونی زانیاریو بلاّوکردنەوەی بەلگەنامە حکومییەکان یان ئەو زانیارییانەی کە کەسایەتییەگشتییەکان لەبەر چاوی خەلك دادەبەزێنێ . بۆنموونە ، دادگای بالاّی ئەمەریکی خۆی خستەپال ڕۆژنامەگەری دژی حکومەت لە مەسەلەی ڕێگادان بە ڕۆژنامەکان بۆ بلاّوکردنەوەی ئەو بەلگەنامە حکومیانەی کە دواتر بە بە بەلگەنامەکانی ((پنتاگۆن)) ناسران.

ڕۆژنامە ئەمەریکاییەکان ئەم بەلگەنامە نهێنیانەی شەڕی ڤێتنام دوایئەوەی کە بەشێوەیەکی نارەسمی وەدەستیان کەوت و سەرەڕای لاری حکومەت بلاّویانکردەوە .

هەروەها دادگای بالاّی ولاّتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەپێی یەکەمین هەمواری دەستور بڕیاری لەسەر چەند حەسانەتێك لە یاساکانی ناوزڕاندن دا ، بۆئەوەی ڕۆژنامەگەریو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەسەهەلگرن لە بلاّوکردنەوەی تەواوی ئەو ڕاپۆرتانەی کەتایبەتن بە کاروبارەگشتییەکان بۆ ڕزگاربوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی داوای دادگاییو ئەگەری دەفعکردنی قەرەبووی دارایی . وە بۆئەوەی کەسایەتییەکی گشتی دەعوای ناوزڕاندن لە ڕۆژنامەیەك یان هەر کەنالێکی ڕاگەیاندن بباتەوە ، دەبێ بوونی ((نیازخراپی)) لە پشت ئەم بلاّوکردنەوەیە بسەلمێنێ.

ئەمەو دادگاکان بڕیاریان دا کە ئەوکاتە ((نیازخراپی)) لە پشت بلاّوکردنەوەکەدا دەبێ کە بابەتەکەی بلاّوکردۆتەوە بزانێ ئەو زانیاریانەی بلاّویکردوونەتەوە درۆیە یان لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ئەو ڕۆژنامەیە یان کەنالەوە بووە کە لە بلاّوکردنەوەی ئەو بابەتە

تـەئکیدی نـەکردووە کـە ئایا ئـەو زانیاریانـە ڕاست و دروسـتن یـان نادروست .

هەڵبەتـە ئـەرکی سـەلماندنی ((نیـازخراپی)) ڕۆژنامـــەو کەناڵەکان لە بڵاوکردنەوەی زانیارییـەکان ئـەرکێکی قورسەو دانانی ئـەم ئەرکـە لـە ئەسـتۆی کەسـایەتییە گشـتییەکان خۆیلـەخۆیدا خزمـەتکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگـەریو پاراستنیەتی لـە دەسـەڵاتی حکومەت .

ئەمـەو سـەربەخۆیەتی ڕاستەقینەی دادوەرانـی فیـدراڵی لـە ئەمـەریکا ڕەگـەزێکی سـەرەکییە بۆ پـەرەپێدانی ئـەو حەسـانەتە یاساییانەی کە ڕۆژنامەگـەریو کەناڵـەکانی تـری ڕاگـەیاندن سـوودی لێوەردەگرن . سـەرۆکی وڵاتـەیـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا دادوەرانـی فیدراڵی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پـیران دادەمـەزرێنێ . بـەڵام دوای دەرچوونی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنیان، ئەوکەسانە تـاکو مـردن لە پلەو پایەی خۆیان سدەمێننەوە ، و پارێزراویشن لە ئەگەری هـەر پاڵەپەستۆیەکی دەرەکـی کـە ڕەنگبێـت لـە لایـەن بەرپرسـێکی حکومەت یان دەسەڵاتی یاساییەوە بخرێتە سەریان ، هەروەها نابـێ مووچەو دەرماڵەیان کەم بکرێتەوە یان لەبەر ئەم هەڵوێستەیان پلەو پایەیان لێ بسێندرێتەوە .

بـەم پێیـە ، سـەرەڕای ئـەوەی کەلـە دەسـتوری ئەمـەریکا ئـازادیی ڕۆژنامەگـەری وەك دەسـەڵاتێکی گشـتی نـاوی نـەهاتووە ، بەڵام دوابەدوای یەکەمین هـەمواری سـاڵی ١٧٩١ و دەسـتەبەرکردنی گرێنتی بۆ ڕێگاگرتن لە کۆنگرێس بۆ سنوردارکردن و دانـانی کـۆت و بـەند لەبـەردەم ئـازادیی ڕۆژنامەگـەریداو هـەروەها دەسـتەبەرکردنی حەسانەتی دادگـەری لەلایەن دادگای باڵاو دادگاکانیتری ئەمەریکی ، دەتوانـــین بڵێـــین ئـــازادیی ڕۆژنامەگـــەری هیچـــی لـــە ســـێ

دەسەڵاتە گشتییەکەی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگەری کەمتر نییەو بەڵکو لە هەندێ کاتدا لەوانیش کاراترو کاریگەرترە ، چونکە چۆن چاودێرە بەسەریانەوە ئەوهاش کارگەرێتیی هەیە لە دروستکردنی ڕای گشتیو دروستکردنی بڕیارە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو یاساییەکانی وڵات ، هەربۆیە هەندێ کەس ئەنانەت بە دەسەڵاتی دووەم ناوی دەبەن .

دوابەدوای ئەوەی کە بۆمان دەرکەوت لە ئەمەریکاو ئەو وڵاتانەی باوەڕیان بە دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینەو تەواو هەیە ، ئازادیی ڕۆژنامەگەری دەسەڵاتێکی سەربەخۆو جیاوازە لە سێ دەسەڵاتە گشتییەکەی تری وڵات ، بابزانین کێن ئەوانەی ئەو دەسەڵاتە بەڕێوەدەبەن و ئەو بنەمایانە کامانەن کە کاری ئەم دەسەڵاتە ڕێك دەخەن .

لە ئەمەریکاو ئەو وڵاتانەی کە ڕێچکەی ئەویان گرتۆتەبەر بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین بڕی ئازادی بۆ وشەو ڕۆژنامەگەری ، هەروەها بەمەبەستی پاراستنی ڕۆژنامەگەری لە دەست تێوەردانی حکومەت و دەسەڵاتی یاسادانان و دەستەبەرکردنی زۆرترین بڕی ئازادیی بۆ پرۆسەکردنی ڕۆژنامەگەری ، لە ڕێگای ئەنجومەنێکی باڵای ڕۆژنامەگەرییەوە ئەم دەسەڵاتە بەڕێوەدەچێ ، هەروەها لە ڕێگای دانانی کۆمەڵێك بنچینەی ئەخلاقییەوە کە پێی دەوترێ ((**بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەری**)) کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەرییەوە دادەندرێن بۆ پرۆسەکردنی ئەم پیشەیە ، کاری ڕۆژنامەگەری ڕێك دەخرێ .

لە خوارەوە ، لەدوو خاڵدا باس لەم مەسەلەیە دەکەین . لە خاڵی یەکەمدا باس لە چۆنێتی دامەزران و پەیکەری ڕێکخستنی ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەری دەکەین و ئەنجومەنی باڵای

ڕۆژنامەگەری لوبنانی بە نموونە دەهێنینەوە ، و لە خاڵی دووەمیشدا باس لە بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەری دەکەین و بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەری نێودەوڵەتی بە نموونە دەهێنینەوە :

٢ - ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەری

بەمەبەستی زامنکردنی سەربەخۆییو ئازادیی ڕۆژنامەگەری و پاراستنی لە دەستدرێژیو فشاری حکومەت و دەسەڵاتی یاسادانان ، لە ئەمەریکاو بەریتانیاو هەندێ وڵاتیتر کە باوەڕیان بە جۆرێك لە جۆرەکانی دیمۆکراسییەت هەیە وەك میسرو لوبنان لە ڕێگای دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەرییەوە ئیش و کارەکانی ڕۆژنامەگەری لە وڵاتدا بەڕێوەدەچێ.

لە ئەمەریکاو بەریتانیا ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە ڕێگای هەڵبژاردن لە کەش و هەوایەکی ئازاددا سەرۆك و ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە هەڵدەبژێرن و ، ئەم ئەنجومەنە لە پێکهاتنیدا جیاوازە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ماوەی ئەندامێتییەکەشی دیاریکراوە .

ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەری دەستەیەکی سەربەخۆیە بەکاروباری ڕۆژنامەگەری هەڵدەستێ بەشێوەیەك کە ئازادی و سەربەخۆییەکەی لە چوارچێوەی یاسادا بپارێزێ ، وە لە نێوان دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەری گرتنەبەری هەموو ئەوشتانەی پەرە بە ڕۆژنامەگەریی ئەدەن و پێشیدەخەن و پاڵپشتی دەکەن بە شێوەیەك کە شان بە شانی پێشکەوتنی زانستی لە بوارەکانی ڕۆژنامەگەری بڕوات و هەروەها وادەکات بگاتە فراوانترین ناوچە ، هەروەها کاری ڕۆژنامەگەریی دەپارێزێ و کەفالەتی مافی ڕۆژنامەنووسان دەکات و زامنی هەستانیان بە

کاروپیشەکانیان دەکات و بەلگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەری دادەنێت لەگەڵ ئەو بنچینانەی زامنبوونی ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی کەفالەت دەکەن .

کەواتە ئەم ئەنجومەنە سەرپەرشتی کاری ڕۆژنامەگەری دەکات لە ولاتدا ، و هەڵدەستێ بە دانانی بەلگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەری کە بریتییە لە کۆمەڵێك پرینسیپ و بنچینەی ئەخلاقیی تایبەت بە پیشەی ڕۆژنامەگەری و دەبێ ڕۆژنامەنووس و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پابەندیان بن ، ئەگینا ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبن لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە . بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر ئەنجومەنی بالای ڕۆژنامەگەریی لوبنانی وەك نموونە .

٢ ١ ئەنجومەنی بالای ڕۆژنامەگەریی لوبنانی

لە یاسای چاپەمەنی لوبنانی ١٩٦٢/٩/١٤ هەمواركراو لە فەسڵی چوارەم لەژێر ناونیشانی ((ئەنجومەنی بالای ڕۆژنامەگەری)) لە مادده / ٩٥ دا هاتووە :((دەستەیەك لە یەكێتیی ڕۆژنامەگەریی لوبنانی هەڵئەقوڵێ پێی دەوترێ (ئەنجومەنی بالای ڕۆژنامەگەری) ئەم ئەنجومەنە لە نوسینگەی هەردوو سەندیكای خاوەن ڕۆژنامەكان و سەندیكای ڕۆژنامەنوسان و دوو ئەندام لە هەریەكێك لەو دوو سەندیكایە كە ئەنجومەنەكەی هەڵیان دەبژێرێ بۆماوەی ساڵێك پێك دێت ، بەلای کەمی مانگی جارێك کۆدەبێتەوە یان لەكاتی داخوازی ئەنجومەنی یەكێك لەو دوو سەندیكایە .

سەرۆكی دەزگای ڕۆژنامەگەری و كاروباری یاسایی لە وەزارەتی ڕاگەیاندن نوێنەری حكومەتە لە ناو ئەم ئەنجومەنەو هەموو ئەو لێژنەو دەستانەی لێی هەڵدەقوڵێن .

هەروەها سەرۆکی بەڕێوەبەرێتیی ڕۆژنامەگەری لە دەزگای ناوبراو بڕیاردەری لیژنەی ناوبراو لە مادده/ ٩٧ دەبێت)) .

٣ - بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی

٣ ١ بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی کوردستانی

هەرچەندە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق وەکو ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەریی میسری و لوبنانی بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژناە،گەریی بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەرنەهێناوە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پرینسیپ و بنچینەکانی ئەخلاقی پیشەی ڕۆژنامەگەریی بۆ ڕۆژنامەنووسان دیار نەکردبێت . بەڵکو لە زمنی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٨ لە ماددەی بیستەمدا لەژێر ناونیشانی پابەندییەکان لە دەخاڵدا تۆماری کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە :

دووەم : پابەندییەکان :

نابێ ڕۆژنامەنووس ئەم کارانە بکات :

١ ئەوەی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە ، یان دادگاکان گرتویانەتە ئەستۆ کە کاردەکاتە سەر ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە یان دادگایی کردن .

٢ ئەنجامدانی ئەو پیشەیە بەبێ تازەکردنەوەی بەشداربوون لە سەندیکادا بەپێی ئەم یاسایە .

٣ بەکارهێنانی هەرهۆیەک یان ڕێگەیەک بەمەبەستی قازانجی ناڕەوا.

٤ وەرگرتنی پیتاک بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەن .

٥ ناوبانگ زڕاندنی پیشەکەو ئاشکراکردنی نهێنییەکانی یان هەڕەشەکردن لە هاونیشنمانییان بەهەر ڕێگاو شێوەیەك بێ لە شێوازەکانی ڕۆژنامەنووسی .

٦ شلۆقکردنی موتمانە بە سیستمی فیدرالی لە کوردستانی عێراقداو شێواندنی ئاسایشی هاوولاتییان بە ڕێگای ڕاستەوخۆبێ یان ناڕاستەوخۆ ، هەروەها ورووژاندنی غەریزەکانی جەماوەر بەهەر ڕێگایەك بێت .

٧ قۆستنەوەی وشەی نووسراو یان نێردراو قۆستنەوەیەکی (تایبەتی) بۆ سوودی تایبەتیو زیان بەخش بێ بەخەڵکیتر ، یان خۆ لە خەڵك گۆڕین (انتحال صفة) یان هەلگرتنی فیکرەیەك و زەرەرگەیاندن بە ڕەوشت و نیزامی گشتی .

٨ بەهەڵەبردنی جەماوەر بە زانیاری نادروست و لێکدانەوەی ڕووداوەکان ، بەجۆرێك دووربێ لە دەستپاکی یان بڵاوکردنەوەی نادڵنیایی لێیان .

٩ وەرگرتن و هەڵێنجان (اقتباس) لە بەرهەمی کەسانیتر بەبێ ئاماژەکردن بۆ خاوەنەکەی یان سەرچاوەکەی .

١٠ قۆستنەوەی ڕۆژنامەنووسیی بۆ تانەلێدان و سووکایەتی کردن بە پیرۆزە ئایینی و نیشتمانییەکان.

٣ ٢ بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی نێودەوڵەتی

بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی نێودەوڵەتی لە لایەن لیژنەی ئازادیی ڕاگەیاندنی سەر بە ڕێکخراوی یۆنسکۆ دانراوەو لە خولیی چواردەهەمینی ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٥٢ دانی

پیادانراوەو حوکمەکانی بە بەشێك لە یاسای گشتیی نێودەوڵەتی دادەندرێن و دەبێ ڕۆژنامەنووسان خاوەن ڕۆژنامەکان پابەندیی بن .

لە پێشەکی ئەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە : ((ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن مافێکی بنەڕەتییە لە مافەکانی مرۆڤ و سەنگی مەحەکە بۆ گشت ئەو ئازادییانەی کە بەڵگەنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان دەیان درکێنێو جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەقنووسیان دەکات و هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی .

لەهەموو ئەوانە گرینگتر بۆ کەفالەتی ئەم ئازادییە دەبێ کارمەندانی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە کاتی گوزارشتکردنی بیروڕایاندا گشت توانایەکیان بخەنەگەڕ بۆ خۆبەدوور خستنەوە لە سوکایەتی پێکردنی کەسان و شتە پیرۆزەکان کە خۆیان تەحەموای ئەنجامەکانی دەکەن و دەبێ هەمیشە ڕشتبن لەسەر بەرپرسیێتیی ئەدەبی کە وایان لێ دەخوازێ کە دەست پاك و ڕاستگۆ بن لە دەقنووس و ڕاڤەو لێکدانەوەی ڕووداوەکان .

دواتر ئەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە وەك یاسایەك دانراوە بۆ ڕەفتاری پیشەیی هەرتاکێك داوای لێکرابێت بەدوای هەواڵ و زانیاریدا بگەڕێ یان بیگوێزێتەوە یان پەخشی بکات و بەدوایان دا بچێ یان ئەرکی وەسفکردنی ئەو ڕوداوانەی کە ڕوونەدەن پێی بسپێردرێ جا ئەو وەسفە بە نووسین بێت یان بە قسە وەیان بەهەر ڕێگایەکیتری گوزارشتکردن بێت)) .

ماددەی یەکەم :

دەبێ کارمەندانی ڕۆژنامەگەریو ڕاگەیاندن ئەوەی لە توانایان دایە بیخەنەگەڕ بۆ بەخشینی هەواڵی ڕاست و دروست بۆ جەماوەرو موتابق بێت لەگەڵ ڕوداوەکان هەروەها دەبێ لە ڕاستی

ئەوزانیاریانەی کە وەدەستیان دەکەوێ بکۆڵنەوەو نابێ هیچ ڕوداوێکی گرینگ لەبیر بکەن یان ڕوداوەکان بەئەنقەست بشێوێنن.

ماددەی دووەم :

پرۆسەکردنێکی شەریفانەی ڕۆژنامەگەری ، دڵسۆزی بۆ بەرژەوەندیی گشتی دەخوازێ ، لەبەرئەوە دەبێ ڕۆژنامەنووسان دوور بکەونەوە لە کۆششکردن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی یان پشتگیریکردنی بەرژەوەندییەکی ناکۆك لەگەڵ بەرژەوەندییەکی گشتیدا ، هۆیەکان و دافعەکان هەرچیەك بن .

ناوزڕاندنی بە ئەنقەست کە پشت بە بەلگە نابەستێ یان گۆڕینی قسەی کەسان ، بەهەڵەی پیشەیی ترسناك دادەندرێت و نیازپاکیو دڵسۆزیش بەرامبەر جەماوەر بە بنچینەی ڕۆژنامەگەریی بەڕێز و شایەن بە ناوەکەی دادەندرێت و هەرهەواڵێك دوای پەخشکردنی دەرکەوت درۆیە و زیانبەخشە دەبێ لەخۆوەو بەزوویی ڕاست بکرێتەوە ، هەروەها دەبێ ئەو پڕۆپاگاندەو هەواڵانەی کە بێبەلگەن دابڕێژرێنەناو قاڵبێکی وەهاوە کە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیانی پێوەدیاربێت .

سێیەم :

کارمەندانی ڕۆژنامەگەریو ڕاگەیاندن دەبێ کارێکی وەهایان بۆخۆ یان بۆ غەیری خۆیان نەوێ کە لەگەڵ دەسپاکیو کەرامەتی پیشەکە نەگونجێ . وە دەبێ ئەم بنچینەیە بچەسپێ لەسەر هەموو ئەو کەسانەی بەشداری لە کارەکانی ئابووریو بازرگانی کە پەیوەندیی بە پیشەی ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە دەکەن و دەبێ

ئەوانەی پەخشی هەواڵ دەکەن وەیان تەعلیق دەنووسن تەواوی ئەو بەرپرسیارێتییە تەحەمول بکەن کە لە ئاکامیدا دێتەکایەوە ، مەگەر پێشەکیو بە ڕاشکاوەیی تەحەمولکردنی ئەم بەرپرسیارێتییەیان ڕەتکردبێتەوە .

وە هەریەکێك تۆمەتێکی درابێتەپاڵ لەڕوی ناووناوبانگ یان ڕەوشتییەوە مافی بەرپەرچدانەوەی ئەو تۆمەتانەی هەیە کە لەوانەیە لەناو هەواڵەکان یان تەعلیقەکاندا بێت .

کەواتە دەبێ ڕێزگرتنی ناوبانگی خەڵك بنچینەیەك بێت لە بنچینەکانی پیشەی ڕۆژنامەگەریو نابێ تەعەڕوزی ژیانی تایبەتیان بکرێ وەیان ناوبانگیان بزڕێندرێ مەگەر بەرژەوەندیی باڵا وابخوازێت هەروەها لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس پاراستنی نهێنییەکانی ئەو سەرچاوانەی کە زانیاریەکانی لاوەردەگرێ ئەو زانیاریو هەواڵانەی کە هەندێ سەرچاوەی نهێنی بۆ کارمەندانی ڕۆژنامەگەری درکاندبوونیان نهێنیەتی پیشەی ڕۆژنامەگەری کە ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە سپشت بە یاسا ببەستێ بۆ پاراستنی دەیانگرێتەوە .

ماددەی چوارەم :

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە دەیانەوێ ئەو ڕوداوانە بنووسن و تەعلیقیان لێبدەن کەکەوتونەتە وڵاتێکی غەیری وڵاتی خۆیان دەبێ ئەو زانیاریانەی کە دەرفەتی نووسین و تەعلیقیان لەسەر ئەو ڕوداوانە بۆ دەرەخسێنێ ڕاستیو دادپەروەری وەدەست بهێنن.

ماددەی پێنجەم :

بەپێی ئەو پرینسیپەی ئەم بەڵگەنامەیە پشتی پێبەستووە بەرپرسیارێتی کەفالەتکردنی ڕێزو شەرەفی پیشە دەکەوێتە ئەستۆی کارمەندانی ڕۆژنامەگەری نەک حکومەتەکان . بۆیە نابێ هیچ بەندێك لە بەندەکانی ئەم بەڵگەنامەیە بەچەشنێکیوا لێك بدرێتەوە ڕێگا بە دەستێوەردانی حکومەتەکان بدات ئەو دەستێوەردانە هەرچ جۆرێك بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ئەدەبیانەی لەم بەڵگەنامەیەدا هاتوونە .

شایەنی ئامازەبۆکردنە ، چونکە بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەری پێوەرەکانی لە جارپی گەردوونیی مافی مرۆڤ وەرگرتووە کە ئەویش بەدەوری خۆی بۆ پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافەشارستانی و سیاسیەکانی ساڵی ١٩٦٦ بنچینە بووە، بۆیە دەبێ ڕۆژنامەنووس پابەندی ئەوانیش بێت .

ئەنجام :

لە ئــەنجامی ئــەم توێژینەوەیــەدا گەیشــتینە ئــەم ئاکامانــەی خوارەوە :

١ ئازادییــەکی ڕەهــای ڕۆژنامەگــەری لــە هیــچ وڵاتێکدا نییــە ، بەڵام جــۆرو قــەوارەی کۆت و بــەندەکانی لــە سیســتمێکەوە بۆ سیستمێکی تری فەرمان ڕەوایی دەگۆڕێ .

لــە وڵاتــە دیموکراسیخوازەکاندا دەخرێتــە نێــو قــاڵبی ئــەخلاقی پیشــەی ڕۆژنامەگەرییــەوەو ، ڕۆژنامەنووســان لــە ڕێگــای ئەنجومەنەکانیانەوە خۆیان بۆ خۆیان دایدەنێن و پابەندیشــیان دەبن.

بەڵام لە وڵاتە سەرکوتکەرەکان ئەم ئازادییە بــە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەگــەری نــادرێ و هــەموو کــاتێك موعــەڕەزن بــۆ دەستێوەردان لە ئیش و کارەکانیــان و ســەرکوتکردنەوەیان لــە لایەن حکومەتەوە .

٢ ئەمەریکا لە پێشــەوەی وڵاتــە دیموکراسیخوازەکانی جیهان دێت بۆ بەرقەرارکردن و زامنکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری . لەناو

دەستوردا ئەمەی بەرجەستە کردووەو هەنگاوی عەمەلیشی بۆ هاوێشتووە .

٣ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی باڵای ڕۆژنامەگەری لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێ دەستێوەردان گەورەترین زامنە بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری .

٤ سەرەڕای ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی لە لوبنان و میسردا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ڕۆژنامەگەری دراوە، کەچی هێشتان ڕۆژنامەگەری هەر دیلی دەسەڵاتە ، مادامەکینێ لەو وڵاتانەدا وەزارەتی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسانی حکومی هەنەو پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەگەریش هەر بە ڕواڵەتییە .

٥ بەرلەوەی بیر لە دارشتنی بەلگەنامەیەك بۆ شەرەفی پیشەی ڕۆژنامەگەری بکەینەوە کە پێی دەڵێن ((ئەخلاقی پیشە)) دەبێ ڕۆژنامەنووسان لە مافەکانی مرۆڤ وشیار بکرێنەوە ، ئەوکاتە هەستی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیان لا دروست دەبێ بێئەوەی ڕاییگەیەنن و دەشزانن چۆن پابەندی بن .

سەرچاوەکان :

کتێب :

١ - قورئانی پیرۆز

٢ - د . ابراهيم الداقوقي : قانون الاعلام ، منشورات جامعة بغداد ، مطبعة وزارة الاوقاف والشؤون الدينية ، ١٩٨٦ .

٣ - د . بسيوني ابراهيم حمادة : دور وسائل الاتصال فى صنع القرارات فى الوطن العربي : ط/١ ، منشورات مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت لبنان ، ١٩٩٣ .

٤ - د . جيهان المكاوي : حرية الفرد و حرية الصحافة ، ط/١ ، منشورات الهيئة المصرية للكتاب ، ١٩٨١ .

٥ جون . ار . بيتنر : مقدمة فى الاتصال الجماهيري ، ترجمة مركز الكتب الاردني ، عمان ، ١٩٩٠

٦ حەمەکەریم عارف : ڕاگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١ .

٧ - حامد محمد علي : حول الاعلام و الاعلام الاسلامي ، ط/١ ، منشورات مكتب الاعلام للاتحاد الاسلامي فى كوردستان ، مطبعة الثقافة ، اربيل ، ١٩٩٨ .

٨ د . سعيد عبدالكريم مبارك : اصول القانون ، ط/١ ، منشورات جامعة بغداد كلية القانون و السياسة ، مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر ، بغداد .

٩ د . صبحي المحمصاني : أركان حقوق الانسان ، ط/١ ، منشورات دار العلم للملايين ، بيروت لبنان ، ١٩٧٩

١٠ د . عبداللطيف حمزة : الاعلام له تأريخه و مذاهبه ، ط/١ ، منشورات دار الفكر العربي ، القاهرة ، بلا سنة طبع

١١ – د . منذر الشاوي : الدولة الديموقراطية ، ط/١ ، منشورات المجمع العلمي العراقي ، مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر ، بغداد ، ١٩٩٨ .

١٢ – د. محمد متولى و لطفي عبد القادر : الاعلام و حرية المجتمع فى موكب التاريخ ، ط/١ ، منشورات نهضة الشرق ، جامعة القاهرة ، ١٩٨٧ .

١٤ – هارولد. چ . برمان : احاديث عن القانون الامريكي، ترجمة نور محمد فتح الله الخطيب و الدكتور مصطفى احمد فهمي ، ط/١ ، منشورات مركز كتب الشرق الاوسط ، مؤسسة فراكلين للطباعة والنشر ، القاهرة ، ١٩٦٤ .

ڕۆژنامەو گۆڤار :

١٥ ڕۆژنامەی (نداء المستقبل) .

١٦ ڕۆژنامەی (الاتجاه الاخر) .

١٧ - ڕۆژنامەی برایەتی .

١٨ - گۆڤاری (الحقوقي) یەکێتیی مافپەروەرانی عێراقی لە لەندەن دەریدەکات .

تۆڕی ئەنتەرنێت :

١٩ - گۆڤاری (وسائل الاعلام و الاخلاق) ی ئەلیکترۆنی کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەریدەکات.

٢٠ - http:// www . usinfo . state . gov / journals / 0401 / ijga / htm

٢١ - http:// www. Law . emory . edu / federal . uskonst . htm

یاسا و دەستور :

٢٢ دەستوری ئەمەریکیی ساڵی ١٧٩٨ ی هەموارکراو

٢٣ قانون تنظيم الصحافة المصرية رقم ٩٦ لسنة ١٩٩٦

٢٤ قانون المطبوعات اللبناني رقم ٢٠ لسنة ١٩٦٢ المعدل

٢٥ یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٨

نوسەر لە چەند دێڕێکدا:

- لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە دایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٨/١٩٨٩ کۆلێژی یاسای لە زانکۆی سەلاحەددین تەواوکردووەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٦/٥/٢١ بڕوانامەی ماستەری لە یاسا لە نامەی ((حق الملكية الأدبية والفنية في القانون العراقي والمقارن)) لە کۆلێژی یاساو ڕامیاری لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.
- لە ٢٠٠٣/٧/٧ بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسا لە نامەی ((چوارچێوەی یاسایی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا)) لە کۆلێژی یاساو ڕامیاری لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.
- **بێ لە وتارو توێژینەوە زانستییەکان، ئەم چاپکراوانەی خوارەوەی هەیە**
- شەش کورتەچیرۆکی کوردی هاوبەش.
- ون بوون چیرۆك.
- دەرکا چیرۆك.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان ڕۆمان.
- چەمکی ماف چاپی یەکەم + چاپی دووەم.
- لێکدانەوەی یاسای بەگرێدان.
- چەمکی یاسا.
- حقوق المؤلف.
- یاساو ماف.
- مافی دانەر وەرگێڕان، هاوبەش.
- ترحێو چیرۆك.
- دەسەڵاتی چوارەم.
- هونەری منداڵان.
- **ئەم بەرهەمانەی ئامادەیە بۆ چاپ:**
- ئاو ڕۆمان.
- حزبی پلاو ڕۆمان.
- چەند وتارێکی ڕۆژنامەوانی.

لەبەرهەمە چاپكراوەكانی پرۆژەی ماف:

١- پەیرەوپرۆگرامی رێكخراوی بلاوكردنەوەی رۆشنبیریی یاسایی ٢٠٠١.

٢- الفدرالية الكوردستانية و التوقعات المستقبلية ٢٠٠١.

٣- لەبارەی رۆشنبیریی سیاسی - د. شیرزاد احمد النجار - و. محمد وەسمان ٢٠٠٢.

٤ دەماگیریی نەتەوایەتی - د. محەمەد گەزنەیی ٢٠٠٢.

٥- مساهمة في الامن القومي و سياسة الدفاع و جدلية العلاقة بينهما الحقوقي / ماجد طاهر خليل ٢٠٠٢.

٦- یاسای رۆژنامەگەری - د. كەمال سەعدی ٢٠٠٣.

٧- شرح قانون الجنسية العراقية المحامي سركوت سليمان.

٨- شرح اصول المحاكمات الجزائية د. رزگار محمد قادر، ٢٠٠٤.

٩- ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە د. كەمال سەعدی، ٢٠٠٤.

چاپخانەی منارە - هەولێر